# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

یەکێتی (ی) نووسەرانی کورد

لقی هەولێر

ژمارە/ ٢٠

ڕۆژ: ١٩٨٢/٢/٢


بۆ/ بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی ئەندامی لقی یەکێتی لە هەولێر

ب/ میهرەجانی ڕۆشنبیری (ی) و هونەریی کوردی

دوای سڵاو و ڕێز:

دەمانەوێ پێتان ڕابگەیێنین کە دەزگای گشتیی ڕۆشنبیری (ی) و بڵاوکردنەوەی کوردی لە مانگی نیساندا، میهرەجانێکی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی بۆ ماوەی هەفتەیەک لە شاری هەولێر ساز دەکات و لەو میهرەجانەدا گەلێ کۆڕی شیعر خوێندنەوە و چیرۆک و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری (ی) پێشکەش دەکرێت و هەموو نووسەر و هونەرمەندێکی کورد بۆی هەیە تێ(ی)دا (بەشداری) بکات بە پێشکەش کردنی شیعر، یا چیرۆک، یا لێکۆڵینەوە.

جا لەسەر بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتیمان داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین بە گەرمییەوە پێشوازی لەم هەنگاوە بەکەڵکە بکەن و ئەگەر ئارەزووی بەشداری کردنتان هەیە بۆ پێشکەشکردنی بابەت، ئەوا لەمڕۆوە تاکوو ١٩٨٠/٢/٢٥ بەرهەمی ئەدەبیتان ئامادە بکەن و بیدەن بە دەستەی بەڕێوەبەرمان تاکوو بتوانین پێشکەش بە شوێنی خۆی بکەین،


یەکێتی نووسەرانی کورد
لقی هەولێر

ژمارە / ٢٠
ڕۆژ ١٩٨٠/٢/٢

بۆ / بەڕێز مامۆستا طاهر احمد حویزی ئەندامی لقی یەکێتی لە هەولێر

ب / میهرجانی ڕۆشنبیریی و هونەریی کوردی

دوای سڵاو و ڕێز :

دەمانەوێ پێتان رابگەیێنین کە دەزگای گشتیی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی لە مانگی نیساندا میهرەجانێکی ڕۆشنبیریی و هونەریی کوردی بۆ ماوەی هەفتەیەك لە شاری هەولێر سازدەکات و لەو میهرجانەدا گەلێ کۆڕی شیعر خوێندنەوە و چیرۆك و هەڵسەنگاندن و لێکۆلینەوەی ئەدەبی و هونەریی پێشکەش دەکرێت و هەموو نووسەر و هونەرمەندێکی کورد بۆی هەیە بەشداریی تێدا بکات بە پێشکەش کردنی شیعر یا چیرۆك یا لێکۆڵینەوە .

جا لەسەر بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتیمان داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین بە گەرمییەوە پێشوازی لەم هەنگاوە بەکەلکە بکەن و ئەگەر ئارەزووی بەشداری کردنتان هەیە بۆ پێشکەش کردنی بابەت ئەوا لە مڕۆوە تاکوو ١٩٨٠/٢/٢٥ بەرهەمی ئەدەبیتان ئامادە بکەن و بیدەن بە دەستەی بەڕێوەبەرمان تاکو بتوانین پێشکەش بە شوێنی خۆی بکەین لەگەڵ سوپاسماندا .

کەریم شارەزا
سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد
لقی هەولێر

وێنەیەکی بۆ/
ـ یەکێتی نووسەرانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی /بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا
ـ دەزگای گشتی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی /بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا
ـ لقەکانی یەکێتی لە (سلێمانی) و (دهوك)
ـ لیژنەی ڕۆشنبیریی لقی یەکێتی لە هەولێر .

لەگـەڵ سوپاسـماندا.

**ئیمزا**

**کەریم شارەزا**

**سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**لقی هەولێر**


وێنەیەکی بۆ/

- یەکێتــی (ی) نووســەرانی کــورد- مەڵبەنــدی گشــتی / بــۆ ئــاگاداری (ی) لەگــەڵ ڕێــزدا.
- دەزگای گشــتی ڕۆشنبیری (ی) و بڵاوکردنەوەی کوردی/ بۆ ئـاگاداری (ی) لەگـەڵ ڕێزدا.
- لقەکانی یەکێتی لە (سلێمانی) و (دهۆک).
- لیژنــەی ڕۆشــنبیری (ی) لقــی یەکێتــی لــە هەولێــر.

*** نامەی دووەم**

بۆ بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی

پێشـەکی زۆر سڵاو و ڕێزمان هەیە بۆ جەنابت، هیواداریـن هەمـوو دەم سـەرکەوتوو بیت لە ژیانتا. (وە) بە بۆنـەی دامەزراند (نــ)ی هەیکەلی شاعیری نەمر حاجـی قـادری کۆیـی لـە شـارەکەماندا، (وە) دائیرەکەمـان داواتـان لـێ دەکات بەپێـی توانای (ی) خۆتـان پارچەیـەک، یـان دوو پارچـە هەڵبەسـتی چـوار خشـتەکی شـاعیری نەمرمـان بـۆ بنێـرن بـۆ مـاوەی پێنــج ڕۆژ، (وە) هەریــەک لــە ئێــوە




بەرامبـەر ئـەم کارە پیـرۆزە جائیزەیەکـی تەقدیـری لـە ئەمینداریەتـی (ی) گشـتی بۆتـان دێـت، ئیتـر خۆشـیت.

**مەغدید حەمەحاجی خەلیفە (١)**

**بەڕێوەبەر**

**ئیمزا**

**١٤/ ٧/ ١٩٨٢ چوار شەم**

**(١) مەغدیـد حەمەحاجـی خەلیفـە، کـە نووسـیویەتی بەڕێوەبـەرە، بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایەتیی لاوانی کۆیە بـوو، کـە سـەر بـە ئەمینداریێتیـی گشـتی ڕۆشـنبیریی و لاوان بـووە. سـاڵی ١٩٥٠ لـە شـاری کۆیـە لـە دایـک بـووە، پیاوێکـی مەنـد و بێدەنـگ بـووە، لـە کاتـی قسـەکردندا زمانـی دەیگرت، بـەڵام دەنگی خـۆش بـوو، جـار بـە جـار لـە باغەکەیـان کـە لـەلای شـاخەکانی قۆنگـرە بـوو گۆرانـی دەگـوت. ماوەیـەک فەرمانبـەری شـارەوانی بـووە، پیشـەکەی سەرپەرشـتیکردنی نانەواخانەکانی کۆیە بووە، دوایی بە ماڵـەوە چووەتـە شـاری ڕانیـە و هـەر لەوێـش سـاڵی ٢٠٠٤ کۆچـی دوایـی کـردووە، خانەوادەکەیـان لـە بنەچـەوە جوولەکـە بـوون و خزمیـان لـە وڵاتـی ئیسـرائیل هەیـە.**

*** نامەی سێیەم**

((بەناوی خوای گەورە))

ڕۆژبـاش مامۆسـتای بەڕێـز، بەڕاسـتی هەرچەنـد دەکـەم نازانـم هەسـتی خـۆم دەرببـڕم بەرامبـەر ئـەو کارە پیـرۆزەت کـە کردووتـە، شـەو و ڕۆژ مێشـکم گـەوزی دەخوارت (دەخـوارد)، لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت کـە چـۆن شـارێکی وا دێریـن و گەشـەداری وەک کۆیـەش وەک باقـی شـارە بێکەسـەکانی ترمـان، هەمـوو ئـەو یـادگار و بەسـەرهات و دابونەریـت و کـۆڕی دیوەخانانـەی بەسـەر دەچێـت و وەک نەبووبێـت ئاوایـە، بـەڵام

کاتێـک چـاوم بـە کتێبەکـەی ئێـوە کـەوت، ئـەو خەمانـەم ڕەوییـەوە (ڕەوینـەوە) و لـە دڵـی خۆمدا گوتـم ئێســتاش مرۆڤـی بلیمەتمـان هـەر مـاوە.

مامۆستای بەڕێـز، هـەروەک دیارە کـە بەشـێکی تـری کتێبەکـەت هێشـتا تـەواو نەکـردووە، ئەوجا هیـوادارم کـە ئـەم چەنـد خاڵانـەی خـوارەوە لـە کتێبەکەتـدا و لـەو بەشـەی کـە بەتەمـای بـڵاوی بکەیتـەوە ڕەچـاو بکەیـت.

١- لـە بـارەی قاچاغچییەتـی و کاروانـی کۆیـە بـۆ عەجـەم و ڕۆیشـتنی بـە پشـدەر و قـەڵادزە، پێویسـتە بەحسـێکی تـەواوی بـۆ بکرێـت و ئـەو کەسـانەی کـە پـێ (ی) (هەڵسـاون) و ئێسـتا مـاون، هەروەهـا ئەو شـتومەکان(ە)ی کە دەبردران و دەهێنـران، چونکە بەڕاسـتی لـە دێرزەمانـەو(ە) ئـەم ناوچەیـە ناوبانگـی هەیـە، بـەم کاروانچییەتـی و قافڵـەی عەجەم(ـە) ناوبانگـی هەیـە، ئەوجـا وەکـوو یادگارێکـی گـەورە نابێـت لـە یـاد بکرێـت.

٢- زنجیـرەی هاتنـە خـوارەوە و پەیدابوونـی بەرەبابەکانـی کۆیـەی وەک چەلەبـی و تاڵەبانـی و بەگـەکان و هەتـا دوایـی، چونکـە زۆر بنەماڵـە هەیە (هـەن)، کاتـی خـۆی لـە تورکیـا، یـا ئێـران هاتـوون، ئەوجا تەکوینـی ئـەو کەسـانە پێویسـتە.


٣- دەبێـت زۆر بـە وردی باسـی جمووجۆڵـە سیاسـییەکانی سـەردەمی مەلەکـی بکرێـت و(ە) ئەو سـەربازانەی کـە ٤٨ (١٩) ئیعـدام کـران، چونکـە یـەک لەوانـە کۆیـی بـوو، هەروەهـا ڕووداوەکانـی سـاڵی ٥٢ (١٩)، ٥٦ (١٩)، (وە) ڕای خەڵکـی و هەڵوێسـتیان بەرامبـەر بـە شۆڕشـی ٥٨ (١٩) و سـاڵی چەپڵـە لێدانـێ چـی بـوو و(ە) بـۆ وایـان پـێ دەگـوت.

٤- ڕووداوەکانـی سـاڵی ٦٣ (١٩) و ڕووتێکردنـی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ کۆیـە و پاشـان هـەر لـەو سـاڵەدا بۆردمانـی کۆیـە و هەڵاتنـی خەڵکـی بـۆ ناوچەکانـی دەرەوە و بـۆ هەرشۆ (هەڵشـۆ) و هێـرۆ(و) کـە مەشـهوورە بـە سـاڵی هـەڵات هەڵاتەکـەی.

٥- هاتنـی حـەرەس قەومییەکان و ئەو جەریمانە و تەخریبانـەی کـە کردیـان، چـۆن خەڵکیـان لـە دینگـەکان دەبەسـتەوە و دەیانکوشـتن، هەروەهـا لـە بـن کۆنەپـردێ.

٦- یادگارەکانی حەسـاری ئیقتیسـادی و نەبوونی شـەکر و چـا و خـۆراک و چۆنیەتـی بەڕێوەچوونـی خەڵکی.

٧- هەڵوێسـتی ئامیـر لیـوا دڵڕەقـەکان وەکـوو تەها شـەکرچی (١) و ئەوانی تر، بەڕاسـتی مامۆسـتا ڕووداوەکانـی کۆیـە لـە نێـوان سـاڵی ٣٦ (١٩) تـا سـاڵی ١٩٧٠ ئەگـەر کتێبێکـی پێنـج سـەد لاپـەڕەی لەسـەر بنووسـرێت هـەر کەمـە، ئەوجا بۆ ئـەم کارە حەقـی خۆتـە ئەگـەر داوای یارمەتـی لـە هەنـدێ لـە مامۆسـتا و ڕۆشـنبیرەکانی کۆیـە بکەیـت وەک مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر (٢) و جـەلال جۆبار (٣) و فەقـێ ڕەسـووڵ (٤) و مامۆسـتاکانی زمـان و


« بەناوی خودای گەورە »

زۆر باش ماموستای بەرێز/ بەڕاستی هەرچەند دەکەم ناتوانم هەستی خۆم دەر ببڕم بەرامبەر ئەو کارە پیرۆزەت کە کردوتە. شەو و ڕۆژ مێشکم گەوزی ئەخوارت لەدڵی خۆم دا دەم گوت کە چۆن شارێکی وا دێرین و گەشە داری وەک کۆیەش وەک باقی شارەکانی ترمان هەموو ئەو یادگارو بەسەرهات و داب و نەریت و کۆڕی دیوەخانەی بەسەر دەچێت و وەک نەبووبێت ئاوایە. بەڵام کاتێک چاوم بە کتێبەکەی ئێوە کەوت ئەو خەمانەم ڕەوییەوە و لەدڵی خۆم دا گوتم ئێستاش مرۆڤی بلیمەتمان هەر ماوە

ماموستای بەرێز هەروەک دیارە کە بەشێکی تری کتێبەکەت هێشتا تەواو نەکردوە ئەوجا هیوادارم کە ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە لەکتێبەکەت داولەو بەشەی کە بەتەمای بڵاوی بکەیتەوە ڕەچاو بکەیت.

١- لەبارەی قاچاغچیەتی و کاروانی کۆیە بۆ عەجەم و ڕۆیشتنی بە پشدەر و قەڵادزە پێویستە بە حسێکی تەواوی بۆ بکرێت و ئەو کەسانەی کە پێی هەڵساون و ئێستا ماون هەروەها ئەو شتومەکانی کە دەبردران و دەهێنران چونکە

ئەدەبی کوردی لە دواناوەندی (ی) کۆیە.
ئیتر هیوادارم کە سەرکەوتوو بیت
شوان (٢)
٢٤/ ٢/ ١٩٨٥

(١) تەها شەکرچی: ناوی تەواوی (تەها نووری یاسین شەکرچی)یە، ساڵی ١٩٢٠ لە دایک بووە، فەریق ڕوکن تەها شەکرچی یەکێکە لەو کەسانەی لە سەرەتاوە بەبێ جیاوازی کەوتە لە سێدارەدانی ئەفسەر و سەربازەکان، لەسەر کەمترین گومان کردن لە هەر کەموکوڕییەک کە لێیان بەدەردەکەوت. لە سەرەتای هەشتاکان لە بەغدا ڕاگری کۆلێژی سەربازی بوو. یەکێکە لەو تاوانبارانەی داکۆکی لە ڕژێمی لەناوچوو دەکرد. لە ١٩٦٣/٧/٦ لە شاری کۆیە قەسابخانەیەکی گەورەی دروست کردووە و چەندان کەسی لە ڕۆڵەکانی ئەو شارە گوللەباران کردووە. یەکێکە لەوانەی پێش دەستگیرکردنی هەڕەشەی لە عەبدولکەریم قاسم کردووە.

(٢) شوان: ئەو نامەیە کە بە ناوی (شوان) ەوە بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی نێردراوە، هیچ زانیارییەکمان لە بارەیەوە بە دەست نەکەوت و نەمانزانی ئەو کەسەی نامەکەی ناردووە کێیە، هیوادارین هەر کەسێک زانیاری لە بارەوە هەبوو بۆمانی بنێرێ.

* نامەی چوارەم
هەولێر/ رووناکی
١٩٨٨/٧/١
بەناوی خودای گەورە و بەخشندە و میهرەبان
بۆ بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی پێشکەشە
لەدوای سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی و هەواڵ پرسین، هیوادارم لە چاکترین تەندروستیدا بژیت.


نیازی پرۆژەیەکی فۆلکلۆریمان هەیە بەناوی ((فۆلکلۆرپەروەران دەدوێن))، بەهۆی ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق) بڵاو دەکرێتەوە، بە هەمان ناوونیشان لە شێوەی پەرتووکێک چاپ دەکرێ لە دوارۆژا تاکوو ببێتە ئەرشیفێکی تایبەت بۆ فۆلکلۆری کوردی.

بەڕێزتان کە یەکێکن لەو فۆلکلۆرپەروەرانەی کورد کە دەستنیشان کراون، بۆ ئەوەی وەڵامی چەند پرسیارێکمان بدەنەوە بەپێی بۆچوون و ڕای تایبەتی خۆتان تاکوو ئەم پرۆژەیە سەرکەوێ، پرسیارەکانیش ئەمانەن:

پ١: کورتەیەکی ژیان و بەرهەمی چاپکراو و وتاری بڵاوکراوەت لە چەند دێڕێکدا؟

پ٢: ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری (و) پاراستنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان؟

پ٣: بەڕای ئێوە دەستکاری فۆلکلۆر بکرێ، یا نەء؟ (وە) ئەگەر بکرێ چۆن؟


هەولێر/ روناکی
١٩٨٨/٧/١
بەناوی خودای گەورەو بەخشندەو میهرەبان
بۆ بەڕێز (مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی) پێشکەشە.
لەدوای سڵاوو ڕێزو خۆشەویستی و هەواڵ پرسین، هیوادارم لەچاکترین تەندروستی دا بژیت.
نیازی پرۆژەیەکی فۆلکلۆریمان هەیە بەناوی ((فۆلکلۆر پەروەران دەدوێن)) بەهۆی ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق) بڵاو دەکرێتەوە، بەهەمان ناوونیشان لە شێوەی پەرتوکێک چاپ دەکرێ لەدوا ڕۆژا تاکو ببێتە ئەرشیفێکی تایبەتی بۆ فۆلکلۆری کوردی.
بەڕێزتان کە یەکێکن لەو فۆلکلۆر پەروەرانەی کورد کە دەستنیشان کراون، بۆئەوەی وەڵامی چەند پرسیارێکمان بدەنەوە بەپێی بۆچوون ورای تایبەتی خۆتان تاکو ئەم پرۆژەیە سەرکەوێ، پرسیارەکانیش ئەمانەن:
پ١// کورتەیەکی ژیان و بەرهەمی چاپکراو و وتاری بڵاوکراوەت لە چەند دێڕێکدا؟
پ٢// ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری پاراستنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان؟
پ٣/ بەرای ئێوە دەستکاری فۆلکلۆر بکرێ یا نەء؟ وە ئەگەر بکرێ چۆن؟
پ٤// لەسەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا فۆلکلۆر چۆن دەبینیت؟
پ٥// سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆر لە ئەدەبی نووسراوی ئەمڕۆمانا چۆن خۆی دەنوێنێ؟
پ٦// ئایا ڕەخنەی فۆلکلۆریمان هەیە، هەروەکو لە بوارەکانی تری وێژەدا دەبینرێ؟
پ٧// بەرای بەڕێزتان فۆلکلۆر کۆکردنەوەیە یان لێکۆڵینەوە، یاهەردووکیانە؟
پ٨// هاوبەشی یا لێک چوون و جیاوازی لەناوەڕۆکی فۆلکلۆری گەلان چۆن لێک دەدەیتەوە وەک لە ((گۆرانی، ئەفسانە، پەندی پێشینان ..... هتد))؟
پ٩// بۆچی فۆلکلۆر؟ واتا لەبەرچی ئەم بوارەتان هەڵبژاردووە؟
پ١٠// بەرهەمە چاپکراوەکانت، وتار، چالاکی تری فۆلکلۆریت تاکو ئێستاکە چی بووە؟
پ١١// دوا بەرهەمی فۆلکلۆری کە خوێندوبێتەوە، پەرتوک، یا وتار، کوردی، عەرەبی چی بووە؟
پ١٢// دوا پرۆژەی فۆلکلۆریت چی یە؟
پ١٣// بەرای ئێوە چۆن ئەو گەنجینە بەنرخە نەتەوایەتیمان دەپارێزین؟
پ١٤// هیوا و ئاواتی فۆلکلۆریت چی یە؟
تێبینی: تکایە وێنەیەکی خۆت، لەگەڵ بەرهەمی چاپکراو، یا بەرگی بەرهەمی چاپکراو، لەگەڵ وێنەی تر لەکاتی پێشکەش کردنی هەر چالاکییەکی تری فۆلکلۆریت کە لە دەستدا [illegible] ڕەوانە بکەیت
لەگەڵ جوانترین ڕێزو سوپاسمانەوە.
عومەر ئیبراهیم عەزیز
لە [illegible] ١٩٨٨/٨/٩

پ٤: لەسەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا (تەکنۆلۆژیا) فۆلکلۆر چۆن دەبینرێ؟

پ٥: سوودوەرگرتن لە فۆلکلۆر لە ئەدەبی نووسراوی ئەمڕۆمانا چۆن خۆی دەنوێنی؟

پ٦: ئایا ڕەخنەی فۆلکلۆریمان هەیە، هەروەکوو لە بوارەکانی تری وێژەدا دەبینرێ؟

پ٧: بەڕای بەڕێزتان فۆلکلۆر کۆکردنەوە، یان لێکۆڵینەوە، یان هەردووکیان؟

پ٨: هاوبەشی، یا لێکچوون و جیاوازی لە ناوەڕۆکی فۆلکلۆری گەلان چۆن لێک دەدەیتەوە، وەک لە ((گۆرانی، ئەفسانە، پەندی پێشینان.. هتد))؟

پ٩: بۆچی فۆلکلۆر؟ واتا لەبەرچی ئەم بوارەتان هەڵبژاردووە؟

پ١٠: بەرهەمە چاپکراوەکانت، وتار، چالاکی تری فۆلکلۆریت تاکوو ئێستاکە چی بووە؟

پ١١: دوا بەرهەمی فۆلکلۆری کە خوێند(و) بێت(ت)ـەوە، پەرتووک، یا وتار، کوردی، عەرەبی چی بووە؟

پ١٢: دوا پرۆژەی فۆلکلۆریت چییە؟

پ١٣: بەڕای ئێوە چۆن ئەو گەنجینە بەنرخە نەتەواتییەمان دەپارێزین؟

پ١٤: هیوا و ئاواتی فۆلکلۆریت چییە؟

**تێبینی:** تکایە وێنەیەکی خۆت، لەگەڵ بەرهەمی چاپکراو، یا بەرگی بەرهەمی چاپکراو، لەگەڵ وێنەی تر لە کاتی پێشکەشکردنی هەر چالاکییەکی (چالاکییەکی) تری فۆلکلۆریت گەر لا دەست دەکەوێ، بۆمانی ڕەوانە بکەیت، لەگەڵ جوانترین ڕێز و سوپاسمانەوە (سوپاسمان)

**ئیمزا**

**عومەر ئیبراهیم عەزیز**

ئەمینداریێتی(ی) گشتی ڕۆشنبیری(ی) و لاوان/ گۆڤاری ((کاروان))، بەهۆی ئەوانەوە بگات بە دەستمان.

م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە دامێنی نامەکەدا نووسیویەتی: (لە ئێوارەی سێ شەموو، ١٩٨٨/٨/٩ لە چاخانەی نادر سماقوولی، مامۆستا فازڵ شەوڕۆ، کوڕی وەستا محەمەد جیدی بە دەستی گەیاندم. تاهیر ئەحمەد حەوێزی).

**پەراوێز:**

**بۆ زانیاری خوێنەران، م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە، یەکەم جار لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژمارە ٩١، لە ١٩٨٩/٦/٢١ و داتر لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (فۆلکلۆرپەروەران دەدوێن) بڵاوکراوەتەوە کە لە ساڵی ٢٠١٦ ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد لە سلێمانی چاپ کراوە.**

*** نامەی پێنجەم**

فرقة باواجي الموسيقية - كويسنجق

تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە

العدد/ ١٤٢

التاريخ/ ١٩٨٨/٨/٤

بۆ بەڕێز مامۆستا تایەر ئەحمەد حەوێزی

بابەت: پرسیار

تکایە بە کورتی ئەم چەند بابەتانەمان بۆ ڕوون بکەنەوە.. سوپاس

ئا: مێژووی دانانی کۆیە، (وە) لە چییەوە هاتووە.

با: شوێنەوارەکانی کۆیە وەکوو:

١- قەیسەری کۆیە.

٢- خانی گەورەی کۆیە.

٣- مزگەوتی گەورە.

٤- قەڵای کۆیە.

٥- تاقەکانی ناو شار (سوودیان چ بووە).
٦- چوار تاقەکانی سەر ڕێگاکانی دەرەوەی شار (ناویان و(ە) سوودیان)
٧- ئەو شوێنەی مەلا زاهیری مراوی(٢) تێدایە، لەلای فلکەی سەرێ.

سەرۆکی تیپ

جەلال ئەلیاس موحەممەد

مۆری تیپەکە

(١) جەلال ئەلیاس موحەممەد: ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی شیللە/ کۆیە لە دایک بووە، پاش ئەوەی لە شاری هەولێر ئامادەیی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٦ خولێکی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە و بووەتە مامۆستای سەرەتایی، لە ساڵانی هەشتاکان سەرۆکایەتی تیپی مۆسیقای باواجی پێ سپێردراوە، کاتێک لە کۆیە بووە یارمەتی خەڵکی بێ دەرامەت و قوتابی هەژاری داوە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دادەنیشێ.


(٢) مەبەست لەو شوێنە بینایەی ئینحیساری تووتنە، کە بە فەرمانی دەسەڵاتدارەکانی کۆیە، بڕیاری تێکدانی ئەو خانووە کەلەپوورییە دراوە و لە شوێنەکەی بینایەی کتێبخانەی گشتی کۆیەی لەسەر دروست کراوە.


(٣) مەلا زاهیری مراوی: ناوی تەواوی (مەلا زاهیری مەلا سدیق یەحیا)یە، ساڵی ١٩٣٠ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، پێشان ئیشی ئاسنگەری دەکرد، دوایی بووەتە بەڵێندەر، پیاوێکی ژیر و قسەزان بووە، باوکی لە کۆیە مەلایەکی زانا و بەناوبانگ بووە، لە ڕیزی چەپەکاندا کاری کردووە، ساڵی ٢٠١٤ هەر لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سەیید جامی بە خاکیان سپاردووە.

* نامەی شەشەم

بەناوی یەزدانی بەرز

بۆ هاوڕێی شیرینم نووسەری بەڕێز کاک تاهیر ئەحمەد


فرقة باواجي الموسيقية ...
تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە
العدد ١٤٦
التاريخ / ٤/ ٨/ ١٩٨٨
بۆ بەڕێز / مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی
بابەت / پرسیار


(بەناوی یەزدانی بەرز)
بۆ هاوڕێی شیرینم نووسەری بەڕێز کاک طاهر احمد
سلاوێکی گەرم لە قووڵایی دڵمەوە ئاراستەی تۆی بەڕێز دەکەم
سلاوم هەیە بۆ گشت ماڵ و منداڵت.
برای بەڕێز

پێشەکی سڵاوێکی گەرم لە قووڵایـ(ی) دڵمەوە ئاراستەی تۆی بەڕێز دەکەم، هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

سڵاوم هەیە بۆ گشت ماڵ و منداڵت.

برای بەڕێز

پرسیارەکانت گەیشتنە دەستم، پێ(ی) دڵخۆش بووم، بەڵام نازانم من چۆن وەسفی گوندی ڕۆست بکەم(و) لە بارەی بنووسم، بە کورتی (و)، یان بە درێژی.

ئەگەر بێتو بە درێژی باسی بکەم، نزیکە (ی) (٦٠) لاپەڕە پڕ دەبێت (ـەوە)، و(ە) منیش حەز دەکەم کە زۆر باش باسی بکەم.

(وە) ئەگەر چاپ(ی) بکەی (با) بە تەواوی و بە جوانی و بە درێژی بۆت باس بکەم، چونکە دەتوانم لەلای پیاوە کۆنەکان هەموو شت وەربگرم و(ە) تا ئێستا نزیکەی ٢٥ لاپەڕەم نووسیوە، تەنیا لە بارەی ڕابواردنی بەهاران و سنووری ڕۆست و پیشەسازییە (کانی) دەستکرد (ـەکانی)، هەندێکی تریش.

تێبینی:

کاکە گیان

ئەگەر بێتو گەمە کۆنەکان و چێشتە کۆنەکان و پیشەسازییە دەستکردەکان و شتانی تر بنووسم، ئایا پێناسەشیان بکەم؟

برا گیان: ئەگەر بێتو ماوەشم بدەی بە ڕێکوپێکی لەسەر گوندی ڕۆست دەنووسم، چونکە ناتوانم بە ماوەیەکی کەم تەواوی بکەم.

بەڕاستی گوندێکی زۆر گەورەیە و(وە) لەمێژە (وە) هەیە، زۆر بەسەرهاتی لێ ڕوودا وە.

ئەوجا (٢) وێنەی جوانیشت بۆ دەنێرم، لەگەڵ وێنەی هەڵگوردیش، واتە حەسارۆست، ئیتر سوپاس.

**برات**

**مەجرووم عەبدولقادر(*)**


**تکایە وەڵام بدەیەوە**

**(*) ئەم نامەیە مێژووی لەسەر نەنووسراوە، ئیمزاش نەکراوە، بەڵام هەر کاتێ نووسرابێ، نامەیەکی گرنگە، چونکە لە نامەکەدا م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی کەسێکی هان داوە لە بارەی گوندی (ڕۆست)ـەوە بنووسێ، ناشزانرێ بابەتەکە نووسراوە، یان نەنووسراوە، ئەگەر نووسراوە کەوتووەتە کوێ؟ بۆ زانیاری لە بارەی مەجرووم عەبدولقادریش، هیچ زانیارییەکمان لە بارەیەوە بە دەست نەکەوت.**

### * نامەی حەوتەم

پێ دەچێ ئەم نامەیە بە دەستی و ڕاستەوخۆ درابێتە م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، بۆیە بەبێ پێشەکی و هەر یەکسەر بە پرسیار دایگرتووەتەوە.

١- قشڵە چۆن و(ە)کەی دروست کراوە (؟)


١- قشڵە چۆن وەکەی دروست کراوە
(چۆنیەتی دروست کردنی قشڵە ئایا لەبەرد و چیمەنتۆ و ... شتانی تر ...)
٢- چۆنیەتی تێکهاتنی دیوارەکانی؟
٣- ئایا ئەو شوێنەی قشڵەی لێ دروست کراوە بۆخۆی شوێنێکی گرد بووە یان وەکو دەڵێن وەک ئەوەی ... ئەو گردەیان لێ دروست کردووە؟
٤- ئەگەر بکرێت ناوی ئەندازیاری قشڵەی دروست کردووە؟
٥- وەسفی قشڵە لە ئێستادا؟ ئایا لە کۆنیشدا چۆن بوو وە ئێستا جیاوازی چییە لەگەڵ قشڵەی جاران
٦- ئەگەر زانیاریەک لە دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو زەویەی لە قشڵەی لەسەر دروست کراوە
٧- دەرگاکان یاخود ڕێگاکانی چوونە ژوورەوە بۆ قشڵە لە کوێن ...
٨- ڕووبەر و ئەندازەی قشڵە یان دوورییەکانی (ابعاد)
٩- شوێنی قشڵەی بەگوێرەی ... کوێستانەکان
١٠- ئایا لەبەرچی قشڵە لەو شوێنە بەرزە دروست کراوە

(چۆنیەتی دروستکردنی قشڵە، ئایا لە بەرد و چیمەنتۆ و(ە) یا هەر شتێکی تر).

٢- چۆنیەتی پێکهاتنی دیوارەکانی؟

٣- ئایا ئەو شوێنەی قشڵەی لێ دروست کراوە، بۆ خۆی شوێنەکەی گرد بووە، یان وەکوو دەڵێن وەک قەڵاتی هەولێر خۆڵی بۆ هێنراوە و ئەو گردەیان لێ دروست کردووە؟

٤- ئەگەر بکرێت ناوی ئەو کەسەی قشڵەی دروست کردووە؟

٥- وەسفی قشڵە لە ناوەوە کە ئایا لە کۆنیشدا چۆن بوو، (وە) ئێستاکە جیاوازی چییە لەگەڵ قشڵەی جاران.

٦- ئەگەر زانیارییەک دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتنی ئەو زەوییەی کە قشڵەی لەسەر دروست کراوە.

٧- دەرگایەکان، یاخود ڕێگاکانی چوون بۆ قشڵە لە کۆن و ئێستاشدا؟

٨- ڕووبەر و قەبار(ە)ی قشڵە، یان دوورییەکانی (ابعاد).

٩- شوێنی قشڵەی بە گوێر(ە)ی کۆیە و گرنگییەکەی.

١٠- ئایا لەبەر چی قشڵە لەو شوێنە بەرزە دروست کراوە.

١١- ئایا قشڵە بەرزترین شوێنە لە کۆیە؟ (وە) بەرزییەکەشی چەندە؟

لەگەڵ ڕێز و سوپاسم

(بە خەت و قەڵەمی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی نووسراوە: (کوڕی زەکی مەعەلیم(١)، ئێکی کوللیەی هەندەسەی جامیعەی سەلاحەددین)، دەنا ئەو ناوی خۆشی لەسەر پرسیارەکان نەنووسیوە.

**(١) کوڕی زەکی موعەلیم: (زەکیەفەندی)، ناوی تەواوی زەکی ڕەسووڵ عەبدوڵڵایە، مامۆستای سەرەتایی بووە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە دایک و باوکێکی کۆیی لە شاری ڕانیە لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٣ پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە شاری هەولێر تەواوکردووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٨١- ١٩٩٦) لە گوند و لادێکانی دەوروبەری کۆیە مامۆستای سەرەتایی بووە، لە (گوندی حاجی قەڵا)، پاشان لە قوتابخانەی ئۆلای سەرەتایی لە کۆیە، لە بەشی عەرەبییەکەی مامۆستا بووە. ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین بووە و ئێستا لە شاری هەولێر دەژی. خاوەنی چوار منداڵە بە ناوەکانی: (ڕاستی، ڕێکان، بێری، دۆستی).**

**ڕاستی و ڕێکان هەردووکیان ئەندازیارن، ئەوەی پرسیارەکانی داوەتە م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، (ڕاستی) لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین خوێندوویەتی، ئێستا ئاندازیاری مەدەنیە و خێزاندارە، لە هەولێر دادەنیشێ و لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر کار دەکا، ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کۆیە لەدایک بووە.**